
ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستیی-کوردستان

# دەربارەی پرسی ڕیفراندۆم لە کوردستان



تۆنی کلیف

# دەربارەی پرسی ڕیفراندۆم لە کوردستان

**ناوی کتێب:** دەربارەی پرسی ڕیفراندۆم لە کوردستان

**گفتوگۆ لەگەڵ:** تۆنی کلیف

**سازدانی:** ئاسۆ کەمال

**بڵاوکەرەوە:** ماڵپەڕی سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیۆنال (**isk21.org**)

**ساڵی بڵاوکردنەوە:** ٢٠١٧

## تۆنی کلیف

ساڵی ١٩١٧ لە خێزانێکی جولەکە لە فەلەستین لەدایکبووە. لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا بۆتە دژە زایۆنیست و پشتیوانی فەلەستینییەکانی کردووە لە دژی زایۆنیزم و ئیسرائیل. لە ساڵی (١٩٣٩-١٩٤٠) لە لایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە لە فەلەستین زیندانی کراوە. ساڵی ١٩٤٦ فەلەستینی جێهێشتووە و چوار ساڵ و نیو لە ئیرلەندا ژیاوە و ساڵی ١٩٥٢ هاتۆتە بەریتانیا. ئەندامی دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی سۆسیالیست - بەریتانیایە (SWP)، کە رێکخراوێکی چەپی بەریتانیایە و زیاتر لە ١٠٠٠٠ ئەندامیان هەیە.

## تێبینییەکی کورت:

ئەم بـابەتە دەقـی گفتوگـۆیەکی گۆڤـاری "***ڕیفرانـدۆم***"ــە لەگەڵ (تـۆنی کلیف)، کە ساڵی ٢٠٠٠ لەلایەن هاوڕێ (ئاسۆ کەمال) ئەنجامدراوە.

ئـێمەش لە "ناوەنـدی لێکـۆڵینەوەی سۆسیالیسـتی - کوردسـتان" بە پێویسـتمان زانـی لەبەر گرنگیی مەسـەلەی نەتەوەی کورد لەنـاو هەر چـوار دەوڵەتـی (عێراق، ئێران، تورکیـا، سـوریا) و دووبـارە هێنـانەوە مەیـــدانی مەســــەلەی ریفرانـــدۆم، ئەم گفتوگـــۆیە بڵاوبکەیـــنەوە، لەبەرئەوەی ئەمـڕۆ بـۆرژازیی کـورد بەگشـتی و حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانی عێراق بەتـایبەتی، دەیەوێت بـۆ چەواشـەکاری بیخـزێنێتە مێشـکی تـاکی کـورد و هەمـوو قەیـران و شکسـتەکانی خـۆی پـێ بشـــارێتەوە. ئـــێمە پێمـــان وایە ئەم چـــاوپێکەوتنە بەرچـــاوڕوونییەک دەخاتە بەردەم سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و بەتەواوی هێڵ و ڕێبـازی کرێکـارانی سۆسیالیسـتی کوردسـتان جیادەکـاتەوە لە بۆرژوازیی کورد و هێزە داگیرکار و ئیمپریالیستەکانی ئەم وڵاتە.

لە کۆتایشـدا سوپاسـی هـاوڕێ (ئاسـۆ کەمـال) دەکەیـن کە بەدەنـگ داواکارییەکەمـانەوە هـات و بە سـکان دەقـی گفتوگۆکەی بـۆ نـاردین، ئێمەش سەرلەنوێ تایپمان کردەوە.

**ئاسـۆ کەمـاڵ: دەمەوێـت پرسـیاری یەکەمـم بە پرسـیارێکی گشـتی دەسـتپێبکەم. ئەویـش سـەبارەت بە خـودی کێشـەی میللیـیە، وەکـو یەکێـك لەو کێشـانەی لە کۆتـایی ئەم سەدەیەشـدا هێشـتا بەردەوامە. لە ئەوروپـا، لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست. شوناسی میللیی لەناکاو سـەردەردێنێت و کێشـەی میللـی لـێ پەیـدادەبێت، وەك لە بۆسـنە و کۆسـۆڤۆ و شـوێنەکانی تـر بینیمـان. هەنـدێك لە تیۆرسـینەکانی وەك (ئەریك هۆبزباوم) و (مەنسور حـیکمەت) دەڵـێن ناسـیۆنالیزم میللەت دروست دەکات و کێشەی میللی دەخوڵقێنێت، میللەت و مەسەلەی میللی یەکێك لەو مەسەلانەی دونیای ئەمڕۆیە کە قسەی تازەی لە سەرە. ڕاتان چی یە سەبارەت بەم بابەتە؟**

**تۆنی کلیف**: دەمەوێت قسەکانم بە ڕوونکردنەوەی ڕاستیەک دەست پێ بکەم. لە رۆژنامەکانی بەریتانیا و تەلەفزیۆنی بەریتانیا زۆر باسی کۆسۆڤۆ دەکرێت، باسی چەوسانەوەی ئەلبانەکان لە کۆسۆڤۆ دەکرێت. بەڵام هیچ کات باس لە سەر چەوسانەوەی کوردەکان لە تورکیا ناکرێت، هەروەها بۆیان گرنگ نییە کە باسی فەلەستین بکەن. ئەوە ڕاستە کە (٥٠٠) گوند لە کۆسۆڤۆ وێران بوون، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە (٤٠٠٠) گوند لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا وێران بوون. ئەوە ڕاستە کە نزیکەی (٨٠٠،٠٠٠) ئەلبانیی لە کۆسۆڤۆ بوونە پەنابەر و ئاوارە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە (٣) ملیۆن کورد ئاوەرە و پەنابەرن. ئەوە ڕاستە کە خەڵکێکی زۆر بە دەستی سڕبەکان کوژراون، بەڵام لە هەمان کاتدا هەزاران کوردیش بە دەستی حکومەتی تورکیا کوژراون.

من حەز ناکەم بە شێوەیەکی گشتی لە سەر ئەو مەوزوعە قسە بکەم، بێ ئەوەی چاو لە دونیای واقیعیی بکەم. من کاتێک ساڵی ١٩٤٦ فەلەستینم بەجێهێشت، (٨٠%)ی خەڵکەکەی ئەوێ فەلەستینیی بوون. فەلەستینییەکان لەو کاتەدا خاوەنی (٩٠%)ی خاکی فەلەستین بوون. بەڵام ئێستا (٢،٥ ملیۆن) فەلەستینیی پەنابەرن لە وڵاتانی ئەردەن، سوریا، لوبنان. سەدان هەزار

فەلەستینیی تریش ئاوارەن لە کەمپە جۆربەجۆرەکاندا. ئەمڕۆ فەلەستینییەکان تەنیا خاوەنی (٢%)ی خاکی فەلەستینن.

پرسیارەکەم ئەوەیە کە بۆچی لێرەدا باسی کورد و فەلەستین ناکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە لەبەرئەوەی تورکیا و ئیسرائیل پارێزەری سیاسەتەکانی ئەمریکان. هەر لەبەرئەوەش تۆ ناتوانی تەماشای بەشێک لە دونیا بکەیت بەبێ ئەوەی هەموو چوارچێوەکەی ببینیت. تۆ ناتوانیت لە کۆسۆڤۆوە دەستپێبکەیت، تۆ ناتوانیت لە کوردستانەوە دەستپێبکەیت، بەر لەوەی تەماشای تەواوی وێنەکەی بکەیت. ناتۆ (NATO) ڕێکخراوێکە لە خزمەت ئەمریکادا، بودجەی سوپای ئەمریکا نیوەی بودجەی سوپای ناتۆ دابینی دەکات و گەورەترە لە بودجەی سوپای ئەمریکا، (١٠٠) جار گەورەترە لە بودجەی سوپای یوگسلاڤیا. پێکەنین دەمگرێت کاتێک دەڵێن (میلۆسۆڤیچ) وەک (هیتلەر) وایە یان دەڵێن (هیتلەر)ی دووەمە. (هیتلەر) ڕابەری دووەمین وڵات بوو لە گەورەترین وڵاتانی پیشەسازیی دنیادا.

بەڵام بودجەی سوپای یۆگسلافیا زۆر زۆر بچوکترە لە هی ئەمریکا، بە ڕای من زۆر گاڵتەجاڕانەیە کە ئەو دووانە بە یەکەوە بەراورد بکەیت. تۆ ناتوانیت ناسیۆنالیزمی کورد و ئیمپریالیزمی ئەمریکا وەک یەک تەماشا بکەیت. لەبەرئەوەی ئێمە دوو جۆر

ناسیۆنالیزممان هەیە، (ناسیۆنالیزمی چەوساوە و ناسیۆنالیزمی چەوسێنەر). من وەک شۆڕشگێڕێک لە گەڵ (لینین)دا هاوڕام کە دەڵێت دەبێت ئاگات لە دۆخی چەوساوەترین خەڵکی کۆمەڵ هەبێت. دەبێت خۆت بخەیتە جێی ئەوان. ئێستا بۆ من مەسەلەی (ستیڤن لۆریش)، کە بە دەستی ڕاسیستەکان کوژرا زۆر گرنگە، من دەبێت لەو مەوزوعە ئاگاداربم و گرنگیی پێبدەم. ئەگەر دەتەوێت کۆمەڵگە بناسیت، دەبێت چەوساوەکان بناسیت و لێیان تێبگەیت. دەبێت تەماشای چاوی مرۆڤێکی ڕەشپێست بکەیت. ئەگەر مرۆڤێکی ڕەشپێست گوتی بەریتانیا وڵاتێکی دادپەروەرە من قەبوڵی دەکەم. بەڕای من ئەوە ڕاست نییە ئەگەر بڵێیت هەموو ناسونالیزمێک وەک یەک وایە، ناسیۆنالیزمی چەوساوە هەیە و ناسیۆنالیزمی چەوسێنەر.

گەورەترین بەشی مرۆڤایەتی چەوساوەن، چەند رۆژ لەمەوپێش تەماشای رۆژنامەکانم دەکرد بینیم سێ بنەماڵە لە دنیادا داهاتیان هێندەی (٦٠٠) ملیۆن کەسی سەر گۆی زەوییە. سەروەتی ئەم سێ کەسە یەکسانە لەگەڵ سامانی ٤٣ وڵاتی زۆر هەژار لە دونیادا. من زۆر جار لە خۆم دەپرسم چۆن خەڵک دەتوانێت کۆنترۆڵی ئەم هەموو سەروەت و داهاتە بکات. کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە یەکگرتوو نین، ئەگەر یەکگرتوو بوینایە

دەمانتوانی سەرکەوتن بەدەستبهێنین. ئێمە لەبری ئەوەی بە دژی دەسەڵاتداران هەڵوێست وەربگرین، لە یەکتر دەدەین، سیستەمی سەرمایەداری کاری ئەوەیە کە جیاوازیی بخاتە نێوان مرۆڤەکان. ڕاسیزم بۆیە دروست دەبێت لەبەرئەوەی کاتێک بێکاریی بەرزدەبێتەوە، سەرمایەداریی کۆچبەر و پەنابەرەکان خەتابار دەکات. لای من ئەگەر ناسیۆنالیزم دژی دەسەڵاتداران و چەوسێنەران شەڕ بکات، پشتیوانی لێ دەکەم.

**ئاسۆ کەمال: لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ئەو هەڵوێستەی لینین دروست بوو کە پێگەی سیاسیی ناسیۆنالیزمی میللەتی سەردەست و ناسیۆنالیزمی میللەتی ژێردەستەی ئیمپریالیزم، جیاوازییان هەیە، لەبەرئەوەی لەو کاتەدا شۆڕشی ئۆکتۆبەر پشتیوانیی لە وڵاتە کۆڵۆنییەکان (داگیرکراوەکان) دەکرد بۆ سەربەخۆبوونیان، بزاڤی جەماوەریی وڵاتانی ژێردەستەی دژە ئیمپریالیزم، بزاڤێکی پێشکەوتنخواز بوو. بەڵام بارودۆخی ئەمڕۆ جیاوازە، ناسیۆنالیزمی وڵاتانی ئیمپریالیستی و ناسیۆنالیزمی جیهانی سێیەم یان ناسیۆنالیزمی (چەوساوە و چەوسێنەر)، وەکو جاران ناتوانیت پێناسەی بکەیت، هەردووکیان وەك یەك**

**نەخشیان هەیە. تۆ ناتوانیت دونیا بەهەمان شێوەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بوو، راڤە بکەیت. بۆ ئێمەی کۆمۆنیستەکان، لە ئەمڕۆدا کە بەرەو جیهانیبوون دەچین، ئەوە گرنگە کە نیشانی بدەین ناسیۆنالیزم هەمیشە دژی کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکارییە و یەکێکە لە ڕێگرییەکانی بەردەم شۆڕشی کرێکاریی، لەبەرئەوەی بە ناوی نەتەوە و کێشەی نەتەوەییەوە ڕیزەکانی ئەم شۆڕشە پەرت دەکات. بۆیە ئێمە دەبێت دژی هەرچەشنە ناسیۆنالیزمێك بین؟**

**تۆنی کلیف**: زۆربەی دەوڵەتەکان و میللەتەکان بەهۆی سەرهەڵدانی بۆرژوازییەوە دروستبوون. لە سەدەی ١٩دا دەوڵەتی میللەتی فەرەنسا بوونی نەبوو. میللەتی فەرەنسا لەگەڵ پێشکەوتنی بۆرژوازی و بازرگانیدا دروستبوو، لەگەڵ بوونی دەوڵەتدا، زمانیش بەرەو پێشکەوتن چوو. ئەوان بەو شێوەیە وڵاتیان لە ئیتاڵیا دروستکرد و لە ئەڵمانیاش دروستیان کرد، بەڵام لە هیندستان دروستیان نەکرد، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستیان نەکرد.

ئیمپریالیزمی بەریتانیا و فەرەنسا چاویان سەیرێکی نەخشەکانی بەردەمیان کرد و کوردستانیان دابەش کرد. بەشێکی گەورەیان دا بە عێراق بە نەوتێکی زۆرەوە، لەو کاتەدا عێراق لەژێر چاودێریی (ئینتیداب)ی بەریتانیادا بوو، مەلیک فەیسەڵ یەکێک بوو لە نزیکەکانی بەریتانیا. ئەوانەی تریش هەریەک بەشی خۆیان لەم دابەشکارییەدا وەرگرت.

(مارکس) دەستیکرد بە پێکەنین کاتێک لە ئەنتەرناسیۆنالی یەکەمدا کەسێکی فەرەنسی گوتی کە مەسەلەی میللی گرنگ نییە. مارکس بە پێکەنینەوە گوتی جا ئەگەر مەسەلەی میللی گرنگ نییە بۆ بە فەرەنسی قسە دەکەیت. من هاوڕەگەزباز نیم، زۆر ناواقعییە ئەگەر بە هاوڕەگەزبازێک بڵێم کە کەس بۆی نییە تۆ هاوڕەگەزبازیت یان نا. ئەگەر کەسێک بڵێت کێ بۆی گرنگە کە تۆ سپیت یان ڕەش، هەموو مرۆڤەکان وەکو یەک وان، بەڵێ ڕاستە هەموومان وەک یەک وەهاین، بەڵام من کوڕەکەم تا سەعات ٢ی نیوەشەو نەگاتەوە ماڵەوە نیگەران نابم. بەڵام ئەگەر کوڕەکەی من ڕەش بێت و بێ ئەوەی ئاگادارم بکاتەوە و تا سەعات ٢ی نیوەشەو نەیەتەوە، بەڕاستی نیگەران دەبم و دڵم دەترسێت، تۆ ناتوانیت بڵێیت مەسەلەی میللی گرنگ نییە. ئێمە دەمانەوێت شۆڕشی سۆسیالیستی بکەین بۆ رزگاریی

مرۆڤـایەتی. رزگـاری مرۆڤـایەتی تەنیـا مەسـەلەی چینـایەتی نـاگرێتەوە، شۆڕشـی سۆسیالیسـتی دەبـێ چارەسـەری هەمـوو پرسیارێکی پێبێت. چەوسانەوەی میللی، چەوسانەوەی ڕەگەزیی، چەوسـانەوەی مەزهەبـی، مـن بـاوەڕم وایە کە شۆڕشـی سۆسیالیسـتی مەسـەلەی میللـی چارەسـەر دەکـات. ئێمە نابێت بڵێین گرنگ نییە.

**ئاسـۆ کەمـاڵ: لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دوای فەلەسـتین، مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی گەورەیە و لەئارادایە، تۆ لەسەر چارەسەری ئەم کێشەیە چی دەڵێیت؟**

**تۆنی کلیف**: وەڵامـی مـن بـۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە کوردەکـان دەبو خۆیان بڕیار بدەن کە چییان دەوێت. ئێمە سنورمان هەیە کە بە وەسیلەی ئیمپریالیزم دروست کراوە. ئەبێ بڕیـار بدەن ئەگەر ئەیانەوێ یەک کوردستانی سەربەخۆیان هەبێ یان ئەگەر ئەیـانەوێ لە گەڵ ئەو وڵاتـانە بمێنـنەوە. ئەوە پەیوەنـدی بە خۆیانەوە هەیە. ئەوان دەبێ خۆیان ڕای خۆیـان بدەن و ئێمەش پشـتیوانیان لـێ بکەیـن بە هەر ڕایەک کە گەیشـتن. باسـی فەلەستینیشـن هەروایە. فەلەستینیەکان دەبێ ڕێ یـان پـێ بدرێ

کە لە سەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن کە ئایا دەیانەوێ بگەڕێنەوە یان نا. دەوڵەتی ئیسرائیل ڕێگا دەدات کە هەموو جولەکەیەک بێ گیروگرفت بگەڕێتەوە بۆ ئیسرائیل، تەنانەت ئەوانیش کە لەوێ لە دایک نەبوون. بەڵام عەرەبەکان دەبێ ئیجازەی تایبەتیان هەبێ بۆ ماڵ دروست کردن، مانای یەکسانی ئەوەیە کە عەرەبەکان دەبێ مافی یەکسانیان لە گەڵ جولەکەکان هەبێت. کوردەکان دەبێ تورکیا بمێنێتەوە دەبێ مافیان بە ڕەسمیەت بناسرێ، وە ئەگەر جیابوونەوەیان دەوێ دەبێ ڕێگای ئەوەیان پێ بدرێ.

**ئاسۆ کەمال: بەرامبەر بەم تەرحەی ئێمە پێشنیارمان کردوە کە کوردستانی عێراق دەبێ سەربەخۆ بێت، پێمان دەڵێن کە تورکیا و ئێران و جیهانی عەرەب ئەبنە دژی ئەم تەرحە، لە نەزەری تۆ دا چ حیمایەتێکی نێونەتەوەیی ئێمە دەتوانین بە دەست بێنین؟**

**تۆنی کلیف**: تۆ پێت وایە ئەمە تەنیا چارەسەرە، ئایا حەلی دیکە هەیە یا چاو لە حەلی تر بکەین. ئەگەر کەسێک بێت بە من بڵێ تۆ دەتوانی ئازادی بە دەست بێنی بۆ کوردەکانی عێراق بێ

ئەوەی ئـــازادی بە دەســـت بـــێ بـــۆ کوردەکـــانی ئێـــران یـــان کوردەکـانی سـوریا یـان کوردەکـانی تورکیـا، مـن بـاوەڕی پـێ ناکەم. من باوەڕم تەدریج نییە، تەدریج و پروسـە عەمەلی نییە، ئەگەر پێم وا بوایە حەلی مەسـەلەی کوردی عێراق جیاوازە لە گەڵ کـوردی تورکیـا ئەمـوت وەری بگـرە. لە بەر ئەوەی تـۆ لە بەرامبەرت سەدام و ئیمپریالیستی ئەمریکایە. ئەگەر تۆ پێت وایە ئەمریکا ڕێگا ئەدات تۆ دەوڵەتـی سـەربەخۆ لە باکووری عێراق دروسـت بکەی، ئەوە دەبـێ بزانـێ خەیـاڵە. لە بەر ئەوەی ئەگەر دەوڵەتێکـــی ســـەربەخۆ لە بـــاکووری عێـــراق دروســـت بکـــرێ کوردەکـــانی تورکیـــاش هەر ئەوەیـــان دەوێ. بە ڕای مـــن ئەم تەرحی عەمەلی نییە. مەرزەکان ئیمپریالیسـت دروسـتی کردوون بۆ لابردنیان دەبێ دژ بە ئیمپریالیست هەڵوێست بکرێ.

**ئاسۆ کەمـال: دەزگاکـانی ڕژێمـی بەعـس و سـەدام ئێسـتا لە کوردســـتانی عێـــراق نـــین، دەســـەڵات بە دەســـت حیـــزبە کوردیەکـانە. بـۆچی عەمەلـی نیـیە کە دەوڵەتـی سـەربەخۆ ڕاگەیەنێت؟ ڕێگای عەمەلی لە ڕوانگەی تۆ وە چی یە؟**

**تۆنی کلیف**: تەسـەورێک کە مـن لە یەکێتـی نیشـتیمانی و پـارتی دیموکراتم هەیە هەردووکیان فاسد بوون. بۆچی؟ لە بەر ئەوەی دەسـەڵات فەسـاد دەکـات، مـن بە دەسـەڵاتم گەورەم، مـن بـێ دەسـەڵاتم نـاتوانم بەردەوام بـم. بـۆ نمـوونە راسیسـترین و خەراپترین راسیستەکان بێ کارەکانن کە لەم نیزامەدا مەینەتـی دەکێشـن. کـاتێ کە بـێ دەسـەڵات دەبـێ لەم سیسـتمەدا سـتەم دەکێشـێ و حەز دەکەی تـۆڵە بسـێنی. ئەگەر لە کوردسـتانی عێراقدا ژیان لەو پەڕی خراپیدایە و خەڵک نێ ئاسۆن فەسـادەکە گەورەترە. ئێمە هەمووم‌ان زۆر تینـوی ئـازادین، تۆ زۆر بە پەلە ئازادیت دەوێ من پێم خراپ نییە. (١٠٠) ساڵ زیاترە کە مارکس مـردوە، ئەمە لە مێـژوودا وەک (٥) دەقـیقە وایە، شۆڕشـی فەرانسش هەروا نەهاتۆتە دی و بۆ بە دەست هێنانی خەباتێکی دوورو درێـژ کـراوە. ئەم داواکـارییەی تـۆ خەبـاتێکی دوور و درێژی دەوێ. مارکس دەڵـێ دەسـەڵاتداران دەسـەڵاتیان هەیە، نە تەنیـا بە نـاو بەڵکـو ئەوانە دەسـەڵاتدارن لە بەر ئەوەی خـاوەنی هەمـوو هۆیەکـانی بەرهەمهێنـان وە هەر وەهـا خـاوەنی TV و رۆژنامە وهەموو میدیان. بۆ تەوابـوونی سـەرمایەداری و دام و دەزگای پێویستیت بە خەباتێکی دوورو درێژە.

تۆ پێویستیت بە شۆڕشی سۆسیالیستی لە تورکیا و سوریا و عێراق و ئێرانە. بێ شۆڕش خەڵک بەردەوام دەبن لە سەر شەڕ بەڵام شەڕەکانیان بێ ئاکامە.

**ئاسۆ کەمال: بەڵام خەڵك لە سەر ئێمە ڕاناوەستن تا شۆڕشی سۆسیالیستی لە ناوچەکەدا دەکرێ. ٨ ساڵ لەمەوبەر وەعدی ئازادیان پێ دراوە. خەڵك داوای حەلمان لێ دەکەن، ئەبێ ئێمەش حەلیان پیشان بدەین. ناتوانین ٨ ساڵی تریش لە سەر شۆڕش ڕاوەستین کە ڕووبدات. بۆ ئێمە مەوقعیەتێکی باشە کە ریفراندۆم بکەین خەڵك شانسی ئەوەیان هەیە کە بڵێین بەڵێ یان نا، ئایا پێت وایە ئەمە کات بە فیرۆدانە؟**

**تۆنی کلیف:** تۆ بە ڕیفۆرم هیچ کات سەرکەوتوو نابی لە ناو سیستەمی سەرمایەداریدا. تۆ دەبێ سیستەمی سەرمایەداری تێک بشکێنی. ئەگەر بەیانی ڕیفراندۆم بکرێ لە ناو کوردستانی عێراقدا. بەڵێ تۆ داوات ئەوەیە کوردستان جیابێتەوە. بۆ من وەک شۆڕشگێرێک بەشداری دەکەم و پشتیوانی دەکەم لە داخوازی دیموکراتیکی خەڵکی کورد بۆ جیابوونەوە. ڕاستە ریفۆرم زۆر گرنگە بەشداری بکەین.. من کاتێ دەخوێنمەوە لە

بارەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (puk) و پارتی دیموکراتی کوردستان (KDP)ەوە زۆر فەسادی تیایە. بۆرژوازی میللەتی ژێردەست هەمیشە فاسدترە لە بۆرژوازی میللەتی گەورەتر و بە دەسەڵات تر. بۆرژوازی کورد فاسدترە لە بۆرژوازی عەرەب، ئەگەر تۆ لە بەریتانیادا ئیش بۆ کۆمپانیایەکی گەورە بکەی باشترە تا لە ڕۆژهەڵاتی لەندەن بۆ کابرایەکی بنگلادیش کاربکەی. لە کۆمپانییە گەورەکە لەوانەیە مۆسیقاشت بۆ لێبدەن بەڵام خاوەن کار بەنگلادیشیەکە تا پێنسێکت ئەداتی پشتت ئەشکێنێ. من باوەرم نییە ئەگەر کوردستانی عێراق جیابێتەوە دەبێت بەهەشت بۆ کوردەکان.

ئێمە دەبێ هەنگاو هەڵگرین، هەنگاوەکانمان هەرچەند بچوکیش بێت دەبێ شەڕ بکەین. شۆڕشگێرەکان بێ لایەن نین بەرامبەر بە ریفۆرم بەڵام شۆڕشگێرەکان پێیان وایە ریفۆرم بە تەنیا ناتوانێ هەنگاوی کۆتایی بێت هەرچەندە دەبێ بۆ ریفۆرم خەبات بکەین، بەڵام هەنگاوی کۆتایی نییە.

***ئاسۆ کەمال: لە کۆتاییدا سوپاست دەکەین، ئێمەش ئەوە تەئکید دەکەینەوە وەک سۆسیالیستەکان پێمان وانییە کە ئەمە هەنگاوی کۆتـایی ئـێمە بێت بـۆ رزگـارکردنی خەڵکـی کوردسـتان بەڵکـو باوەڕمان بە وەیە شۆڕشی سۆسیالیستی دەتوانێت کۆتـایی بە هەموو مەینەتەکان و چەوساندنەوەی ئەم خەڵکە بهێنێت و بۆ یەکجـاری یەکسـانی لە نێـو ئینسـانەکاندا جـێ بخـات. بەڵام لە ئێسـتادا وەک ڕێگاچـارەی عەمەلـی و فەوری ئەم هەنگـاوە بە گرنگ دەزانین چونکە دەمانەوێ خەڵکە لە ژێر دەسەڵاتی رژێمی شۆفینیستی بەعس و لە دەست ناسیۆنالیزمی عەرەب و کوردی رزگار بکەین و بەمە زەمینە بۆ ئەو شۆڕشـە سۆسیالیسـتی یە ئامادە تر بکەین.***